# پرسی سەربەخۆیی کوردستان و تێڕوانینە جیاوازەکان

**دوای ڕا پەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (1991) و بە شێوەیەکی بەرچاو و زیاتر لەگەڵ روخانی رژێمی بەعس، لەناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەیدا ، لێرە و لەوێ، چ لەسەر ئاستی هێز و حزبە سیاسیەکان، یان لەسەر ئاستی جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود ڕێکخراو و نێوەند و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و بریاردانی لە مافی چارەی خۆنووسین بووە چالاکی و جموجۆڵێکی بەرچاوی کورد، ئەم چالاکییانەش شێوەی جیاوازی وەك (خۆپیشاندان و ڕێپیوان و را پرسی و سازدانی کونفرانس و سیمینار و میتینگ و ,, هتد) بەخۆیانەوە بینی و ئێستاش بەردەوامن، دوا چالاکیش گرێدانی "کونفرانسی سەربەخۆیی" بوو، کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا (KNC)، رۆژی 2005/11/10 لە هۆڵی زانکۆی سەلاحەدین سازیدا، دیارە سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی، سەرەرای بروابوونی تەواوی کورد لە ئاستی جەماوەری و سیاسی بەوەی مافێکی رەوای گەلەکەمانە، بەڵام هاوکاتیش بۆچوونی جیاواز و رای پێچەوانەی یەکتر هەن دەربارەی ئەوەی کاتی ئەو بانگەشەیە هاتووە یان نا؟ لەمپەرەکان چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟ تا چەند لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و روناکبیری کوردستان و ئەو وەرچەرخانە سیاسییە خێرایانەی لە ناوچەکەدا روودەدەن و ئەو پلان و پرۆژانەی لە ئارادان بۆ گۆرینی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەمینە و هەلومەرجی ئەوە رەخساوە کورد ئەم داوایە بەرز بکاتەوە، ئەگەرەکان لەم رووەوە چین؟**
**هەر لەم روانگەیەوە، ئێمە هەلی ئەو کۆنفرانسەمان قۆستەوە، تا لە نزیکەوە راو سەرنجی سیاسی و روناکبیران وەربگرین، کە زێدەتر لە سێ پرسیاری جەوهەری کورتمان کردونەتەوە، ئەوانیش:**
***ئایا کورد، چ لەسەر ئاستی سیاسی، یان روناکبیریدا توانیویەتی بیری سەربەخۆیی و چەمکی ناسیونالیزم بە گوێرەی پێدراوەکانی سەردەم لە چوارچێوەی گوتاری خۆیدا و لە توێی تیۆرێکدا فۆرمەلە بکات؟**
***ئاخۆ خودی کورد (کۆمەڵگا و کایەی سیاسی) لەمرۆدا ئامادەیی سەرخستنی ئەو گوتارەی تێدایە و تا چەند هەلومەرجی سیاسی دونیا و ناوچەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبارە؟**
***هەموو ئەو چالاکی وکۆنفرانس و کۆبونەوانەی لەم بارەیەوە ساز دراون و ساز دەدرێن، رۆڵ و کاریگەرییان چی بووە و چۆن و لە چ ئاستێکدا دەبێت؟**
**دواجار کۆی ئەو دیدار و گفتوگۆیانە، ئەم بیروبۆچوونانەی لێ بەرهەم هات و گەلاڵە، کە بە پێی دەرفەت لەو ژمارەیە و ژمارەکانی تری هەفتەنامەکەمان ، هەرجارە و چەند بیرورایەك بە خوێنەرا نمان ئاشنا دەکەین.**

**ئا : نوری بێخاڵی**

سەرەتا (د.سامان شاڵی – سەرۆکی KNC لە ئەمریکای باکوور) بەم شێوەیە بیروڕاکانی خۆی خستە روو:
دیارە شتێکی باو هەیە کە کەس ماف نادا بە تۆ، دەبێ خۆت مافی خۆت بسێنی، بۆیە کورد دەبێت سور بێت لە سەربەدەست هێنانی ئەو مافانەی و نابێ چاوەڕێی بەخشین و بەزەیی دەستی کەس بکات. راستە دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان دژی ئەم خواستەی ئێمەن و ئاستەنگ و لەمپەر هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوە مافێکی رەوا و یاسایی خۆمانە وەك هەموو گەلان کەخاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری بین، دەبێ خوێندنەوە بۆ لەمپەرەکان بکەین و چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی شیاویان بۆ بدۆزینەوە، ئەمرۆ دونیا گۆڕاوە، هاوکێشە و هاوسەنگەکان وەکو جاران نین، پرۆژەی گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە هەنگاوی بۆ نراوە، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و لەنێوەند سیاسی و جەماوەری و روناکبیریەکان پشتیوانی زۆر بۆ ماف و داخوازییەکانمان هەن، لە پایتەختی وڵاتانی بڕیاربەدەست سەرۆکی کوردستان وەك سەرۆکی هەر وڵات و نەتەوەیەك بە فەرمی پێشوازی لێ دەکرێ، ئاڵای کوردستان لەو دیدارانە و لە کۆشکەکانی سەرۆکایەتی لە تەك ئاڵای ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەوانیتر دەشەکێتەوە، ئەمە بەڵگەی ئەو راستیەیە کە کێشەی کورد چۆتە ئاستێکی باڵا و دەرفەتی زۆر شیاو و گونجاوی لەبەر دەم کراوەتەوە و ئەگەری ئاسۆیەکی روون بۆ چارەسەری کۆتایی دۆزەکەی لە ئارادایە، ئەمەش دوژمنان ناچار دەکات کە چیتر نەتوانن خۆیان لە مافەکانمان بدزنەوە و ڕێز لە ئیرادە و سەروەریمان بگرن.
بێگومان هەر هەوڵ و کارو هەنگاو و چالاکییەکی جەماوەری و روناکبیری و لەهەر چوارچێوە و شێوەیەکدا بێت، کاریگەری و رەنگدانەوەی خۆی دەبێت. دیارە مەبەست لەم کارە و هەر کۆنفرانس و کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنەش وروژاندن و گوڕدانەوەیە بە بیری سەربەخۆیی و شیکردنەوەی ئەو مافانە و رەهەندەکانیان و دەست نیشانکردنی کۆسپ و تەگەرەکان و خستنەڕووی ئەرگۆمێنتەکانە، تاکو لە میانی بەردەوامی دان بەم دانیشتن و گفتوگۆیانە چارەسەری گونجاو و ریالیستی بۆ لادانی لەمپەرەکان و قۆستنەوەی زۆرترین هەل و دەرفەتەکان بە قازانجی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئایندەی نەتەوەکەمان بدۆزینەوە. هەروەها پڕۆژە و پلان و بەرنامەیەکی یەکگرتوومان هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك، بە تایبەتی داوا لە کوردی کوردستانی گەورە دەکەم

کە ئەم ئەزموونە دەسکەوتێکی مەزن و مێژووییە و پێویست بەوە دەکات هەموومان بەرگری لێ بکەین و بیپارێزین و پەرەی پێ بدەین، چونکە بەگریکردن لەو ئەزموونە گەشەپێدای دیموکراسی و ئازادییە.

هەروەها (پرۆفیسۆر ئەسعەد خەیلانی – دەستەی دمەزرێنەر و ئەندامی KNC) وتی:

ئامانج لەم چالاکییەمان سازدانی وتوێژێکی شارستانی و دیموکراسیانەیە، تاکو بە یەکەوە باس و خواس سەرەڕای جیاوازییەکانمان لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین و چۆن بتوانین ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە بدۆزینەوە و لەمپەرەکانی بەردەمی لە ئەمڕۆ و دوێنێدا باس بکەین، بێگومان هەمووومان دەزانین ئەمە کارێکی ئاسان نیە، بۆیە لە تویێی ئەو گفتوگۆ و لێکۆڵینەوانەی لەم کۆنفرانسە و چالاکی تری لەم جۆرە و بەردەوام بوونیان دەخرێنە ڕوو، چەند سەردەاو و ستراتیژیەتێکمان بۆ ساغ دەبێتەوە، بەو هیوایەی بتوانین بە یەکەوە لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان و حکومەت و روناکبیران بگەینە دەرەنجامێکی گەڵاڵەکراو، بە جۆرێك ڕێگایەك بدۆزینەوە، ئەگەر ئەمڕۆش هەلومەرجەکان لەبار نەبن، چۆن بتوانین بۆ ئایندە لەگەڵ تەوژمی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییە خێرایانە ئامادەکاری لە ئاستی جەماوەری و گوتاری سیاسی بۆ بکەین.

دیارە لەگەڵ ئەوەی سەربەخۆیی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە بڕوامان پێ نەبێت، بە پێچەوانەوە ئەو ئامانجە هیوای هەموو کوردێکە، راستە دوژمنان بە کوفری دەزانن کورد کۆمارێکی سەربەخۆی هەبێت، تەنانەت چاویان بەم ئەزمونەش هەڵنایەت، بەڵام وەکو سەرۆك بۆش گووتی:" خودا دیاری سەربەخۆیی و ئازادی و دیموکراسیەتی بۆ هەموو گەلان پێیە"، بۆیە ئێمەش مافی رەوای خۆمانە وەك هەر گەلێکی بەشخوراو لەم مافەمان و ئەو دیارییەی خوا بەرخورد بین.

بێگومان گرنگی و کاریگەری ئەم چالاکییانە  دەوەستێتە سەر تۆ و رادیۆی نەواو سەرجەم کەناڵەکانی میدیای کوردی، کە ئێستا لێرەن بە ئەمانەت و راستگۆییەوە ئەم وتوێژانە بگوازنەوە ناو خەڵك و نەوەی نوێ، بەو هیوایەی بگاتە ناو توێژی گەنجان، چونکە توێژی گەنجانی ئێستا وەکو سەردەمی گەنجی و لاوێتی ئێمە (کە هەلومەرجەکان زۆر دژوارتر بوون) کە سەرگەرمی خەبات و کوردایەتی و پارتایەتی دەبووین لە هەموو ژیان و چارەنووسی بەرژەوەندی تایبەتیمان لا گەورەتر بوو، بۆیە دەبێ وا بکەین گەنجی کورد لەمڕۆشدا بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و ئینتمای کوردایەتیان لەلا گرنگتر بێت، لە هەر شتێك، وا بکەین شوناس و مافە ڕەواکانیان بناسن و خەبات بۆ پاراستن و بەرجەستەکردنیان بکەن، هاوکات ماف و داخوازیەی و پێداویستیەکانی ئەوانیش دابین بکەین. بۆ گەنجی کورد گرنگە کە ئەگەر دژەکاری کەوتە نێو بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرژەوەندی ئینتمای حزبی و سیاسی خۆی، یەکەمیان بکاتە پێشینە و سەر مەشقی کار و تێکۆشانی خۆی، دووپاتی دەکەمەوە کە هاوشانی بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازەکان و دامەزراوە مەدەنی و نێوەندە روناکبیرییەکان، ئەرکی ئێوەی راگەیاندنکار دەبێت کە لە هەر کەس و لایەن و نێوەندێکی تر زیاتر دڵسۆز و راستگۆیانە ئەو پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانیە بگوازنەوە نێو خەڵك.

گومان لەوەدا نیە کە چ جەماوەری کوردستان و چ هێز و لایەنە سیاسیەکان ئامانجی مەزنیان سەربەخۆیی کوردستانە، ئەگەر لایەنی وەرچەرخانە سیاسییە خێراکان و پڕۆژەکانی نەخشەی سیاسی ناوچەکە وەربگرین، کە بە ئاشکرایی سیاسەتی ئەمریکا دەگەیەنێ، ئەوا دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێین کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کورستان بە سەریاندا دابەشکراوە کورد بگەنە ماف و ئازادییەکانی خۆیان، بۆ نموونە ئەمریکا لەو باوەڕە دانیە، بگرە بەرنامەی ئەوەیشی نیە کە ئێستا و لەم قۆناغەدا عیراق دابەش بکرێ، رەنگە و دڵنیاشین ستراتیژیەتی درێژخایەن، یان نەخشەی ئەلتەرناتیڤی خۆی بۆ ئەم پرسە هەبێت، واتە لە حاڵەتێکدا نەیانتوانی کۆنترۆڵی رەوشەکە بکەن و لە سیاسەتی بە یەکەوە کۆکردنەوەی سەر لە نوێی جیاوازییە ئەتنی و مەزهەبیەکانی عیراق سەرکەوتوو بن، لە وانەیە پلانی یەدەگی خۆیان لە واری ستراتیژیەتی سیاسی دا هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە و جێگەی بایەخ پێدانە ئەوەیە، کە نابێ ئێمە چاو لە بەزەیی ئەو پلان و ستراتیژیەتە بکەین، بەڵکو ئەرکی هەمووومانە کە هەوڵ بدەین بە شێوازێکی لۆژیکی و زانستی قەناعەت و باوەڕ بە ئەمریکا بهێنین کە سەربەخۆیی کوردستان، پێش کورد لە قازانجی خودی ئەمریکا و پڕۆژە و ستراتیژ و سیاسەتەکانیەتی، بۆیە ئەگەر ئێمە لەو کارە سەرکەوتوو بین، ئەوا هەموو دونیا ناڕازی بێت و دوژمنان هەراسان بن، ئەمریکا حکومەتێکی سەربەخۆت بۆ دروست دەکات و گوێ بە کەس نادات. پێم وایە ئەم هەنگاوەش ئاسانە، چونکە ئەمریکا و سەرۆك بۆش کە خوازیاری بەرقەرارکردنی دیموکراسیە لە ناوچەکەدا و لەگەڵ پەیامەکەی خۆیشی راستگۆیە، دەتوانین پێیان بڵێین و هاوکاریان بین لە چەسپاندنی دیموکراسیەت لە عیراق و پاشان پێیان بێژین فەرموون ئەو مافە بە گەلی کورد بدەن کە بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراسیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

بەلای خۆیشیەوە (سوڕەییا سیراجەدینی – جێگری سەرۆکی KNC ) دەربارەی ئەم پرسە پێی وابوو کە:

یەکەم شت کە هاتووینەتە کوردستان بەو ئامانجە لێرەین کە لە سەرێك گفتوگۆ لە نێوان کوردی دانیشتوی ئەمریکا و ئێرە هەبێت، وەکو تریش وتوێژ و دانوستان بکەوێتە نێو هێزە سیاسیەکان و پارچەکانی کوردستان، دەمانەوێ لەو ڕێگەیەوە بە خەڵکی کوردستان بڵێین کە ئەوەتا ئێمەش بە بەردەوامی و لەگەڵ ئێوە شەونخونی بۆ دۆزە رەواکەمان دەکەین و هاوکار و هاوخەبات و پشت و پەناتانین. هاتووین تا بە سازدانی ئەم جۆرە

چالاكیانە نەك تەنها فشار بخەینە سەر حكومەتی ئەمریكا، بەڵكو سەر ئەم حكومەتەی خۆشمان كە ئیدی كاتی ئەوە هاتووە چارەنووسی خۆمان، بە دەستی خۆمان دیاری بكەین.
بێگومان كاتی ئەوە هاتووە و هەلومەرج زۆر لەبارە، بۆنا؟ ئەگەر كرواتیا و تەیموری رۆژهەڵات و چەندین نموونەی تر بێنینە بەرچاومان كە سەربەخۆییان وەرگرتووە و زۆر لە كۆمەڵگای ئێمە دواكەوتووترن و زۆر كەمتر لە ئێمە قوربانیان داوە، نەك كاتی هاتووە، بگرە دواشكەوتووین لە بەرزكردنەوەی ئەم داواكاریەمان، بە تایبەتی كە هەموو رایەڵ و فاكتەرەكانی بوونە دەوڵەتمان هەیە، كەواتە ناكرێ ئەو دەرفەتەی كە ئێستا بە هۆی هەلومەرجی سیاسی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هاتۆتە ئارا وەكو جاران لە دەست خۆمانی بدەین.
ئەوەی راستی بێت و وەك لە لای ئێمە لە رۆژهەڵات دەڵێن كە (سیاسەت باوك و دایكی نییە)، بۆیە دەبێ ئێمە زیرەك و ورد و دووربینانە بیربكەینەوە و بەرنامە رێژی بكەین و بە شێوەیەكی عەقڵانی و لۆژیكی و ریالیستی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆستایەتی و هاوسۆزیەی ئەمڕۆی ئەمریكا بكەین، ئێستا لەم قۆناغەدا ئەمریكا سیاسەتێكی لە پێناو بەرەرژەوەندییەكانی خۆی لە ناوچەكە گرتۆتەبەر، كە تا ئەندازەیەك بۆ ئێمە باشە، بەڵام هەرگیز بەو مانایە نییە كە ئیدی هەروا دەبێ و رەوشەكە وا رێدەكات، بۆیە دەبێت ئێمە بەوریاییەوە رەفتار بكەین، راستە ئێستا كۆمارییەكان لە دەسەڵاتدان، بەڵام دەبێ ئێمە  پەیوەندیمان لەگەڵ دیموكراتەكانیش پتەو بكەین، كە وامان كردووە، بۆ ئەوەی لە هەر دەرفەتێكدا بتوانین هاوكێشەكان بە قازانجی دۆزەكەمان بقۆزینەوە. بەڵام لە هەمان كاتدا و بۆ بەختی ئێمە، ئێستا وای لێهاتووە ئەوەی كە ئێمە خەباتمان بۆ كردووە و قوربانیمان لە پێناو داوە و ویستوومانە، ئەمڕۆ سیاسەتی سەردەم هەوڵی بۆ دەدات و كاری پراكتیكی بۆ دەكات، بە تایبەتی پرسی دیموكراسی و ماف و ئازادییەكان. دەبێ ئێمە سوود لەو هەلە وەربگرین و زیرەكی و توانای خۆمان بخەینە گەڕ، نەك بە تەمای ئەمریكا بەتەنیا پشتی لێ بكەینەوە. بۆیە من گەشبینم كە ئێمە لە رێگای خەباتی ئاشتی و دیموكراسیانە و لەم قۆناغەدا نەك هەر لێرە، بەڵكو لە پارچەكانی تریش مافەكانمان دەستەبەر بكەین، بەتایبەتی ئەگەر بتوانین و كاری جددی بكەین تا لە رێگای ئەم شێوە تێكۆشانە سەردەمی و شارستانیانە كەركوك و ناوچەكانی تر بگەڕێنینەوە سەر سنوری حكومەتی هەرێم. چونكە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە، سەركەوتن و پاراستن و
پەرەپێدانی ئەم ئەزموونە، بۆ خۆی موژدە بەخشی هاتنەوەی زۆر لە خەون و ماف و داخوازییەكانی پارچەكانی تری كوردستانیشە.

پاشان (د. رێبورا فەتاح) بەم چەشنە بیرو بۆچوونەكانی لەمەڕ پرسی سەربەخۆیی و هەندێ لایەنی تری پەیوەست بەم پرسە و دۆزو ئاییندەی سیاسی كورد خستەڕوو:
بە بڕوای من خودی كورد بۆ خۆی ئەو ئامادەییەی تیایە، بەڵام هەڵبەت كە سەیر دەكەین، دەبینی گرفتێكی گەورەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە كۆمەڵگایەكی حزبین، گومان لەوە دانییە كە هەموومان بە حزبی بووین، بۆیە چەندەها كەس لەناو ئەو حزبانەدا هەن وەكو من و تۆ بیر دەكەنەوە، بەڵام كە دێتە سەر ئەو چركەیە كە دەنگ بۆ چارەنووسی كورد بدەن، ئەو دەنگە دەدەن كە حزبەكەیان دەیەوێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم كلتورە نەگۆڕێ لە كۆمەڵگاكەماندا ئەوا گرفتێكی گەورەیە، دیارە بوونی حزب شتێكی زۆر باشە  و دیاردەیەكی مۆدێرنە، بەڵام بە حزبی كردنی میللەت گرفتێكی زۆر مەزنە، كە ئەمە كلتوری باوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەو هیوایەی ئێمەی كورد لەناو خۆماندا دەست بكەین بە گۆڕین و دەربازكردنی. بەڵام شتێكی تر هەیە كە پێی دەگوترێ كۆمەڵگای سڤیل( ناڵێم مەدەنی ئەمە وشەیەكی عەرەبییە و عەرەب بە درێژایی مێژووی خۆیان مەدەنی نەبوونە) لێرە هێشتا لاوازە، راستە رێكخراو و سەندیكا زۆرن، بەڵام هەریەكەیان سەر بە هێزو رەوتێكی سیاسییە، بۆیە كارابوونی ئەو دامەزراوانەی كۆمەڵگای سڤیل لە دەرەوەی خواست و ئیرادەی حزب، كە هەرگیز نابنە مەترسی بۆ سەر هیچ حزبێك، رۆڵ و كاریگەریان دەبێت لە قوڵكردنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی و بە ئاكام گەیاندنی خواستی سەربەخۆیی، كە دواجار بە تەنها حزبی كوردی لە هاتنەدی ئەم ئامانجە سوودمەند دەبێت، چونكە نە من و نە تۆ و نە ئەو دامەزراوانە نایەنە ناو دەسەڵات و حكومەت، بەڵكو ئەوان دەبنە حكومەت. بۆیە لاوازییەك لە ئاستی كایەی سیاسییدا لەم بوارە دا دەبینرێ، بەڵام با ویژدان بكەینە دادوەر، كە لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانكاری زۆر بەرچاو لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردی لە باشوری كوردستان روویداوە،  با چاوەكانمان هەر تەنها دیوی نێگەتیڤ و ناشیرین نەبینن، گۆڕانكاری نەك تەنها لە سیمای ژیان، بەڵكو گۆڕانی گەورە لە بیركردنەوە و عەقڵی خەڵك و حزبەكان بووە، تەنانەت كاری لەسەر گۆڕانكاری عەقڵی ئێمەش كە لە دەرەوەین
لە لایەكی تر دەبێ ئەوە بڵێین كەوا كایەی روناكبیری كوردی لەم رووەوە زۆر لاوازە، بەهیچ جۆرێك لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێیتە نەتەوەییە نەبووە و نییە، بەراستی رۆشنبیری كورد نەیتوانیووە هەم بەرچاوی سیاسی كورد و هەم كۆمەڵگاش روون بكاتەوە كە ئەمە بەرپرسیارێیەتی گرنگە و دەبێ هەستی پێ بكات. نەتوانیویەتی لەو دەرفەتانەی هاتونەتە پێشەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا و لە سایەی جیهانگیری دیاری بكات و كێشە و ئەلتەرناتیڤ و رێگەچارەكان دەستنیشان بكات، كە بە هۆیەوە سیاسی و كۆمەڵگای كوردی بتوانێ كاریان لەسەر بكات، چونكە سیاسیش كار لە سەر ئەوە دەكات كە دەخرێنە پێشی، لەبەر ئەوەی سیاسی كار بۆ ئێستا

ئەكات، لە كاتێكدا دەبوا رۆشنبیران ستراتیژیەتێكی كوردستانی دابڕێژن، تاكو كاریگەری بەسەر هەردوو ئاستی كایەی سیاسی و گەل هەبێت.
بە بۆچوونی من سیاسەت هونەری دروستكردنی قەیرانە، بۆ نموونە زۆر جاری وا هەیە بە یەك وشە لە میدیادا قەیران دروست دەكەیت، بەڵام دواجار كاریگەری زۆر گەورەی دەبێت، ئێستا نەك پرۆژە و پلانی گۆڕان لە ئارادان كە نەخشەی ئەم ناوچەیە بگۆڕێ، بەڵكو نەخشەی ئەم ناوچەیە گۆڕاوە، ئەوەی ئەمڕۆی عێراق، كە یەك سەربازی عیراق لە كوردستاندا نابینی ئەمە گۆڕانە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمەی كورد تا چەند دەتوانین لەناو ئەو هاوكێشانەدا كاریگەر بین و بەشی خۆمان لەو گۆڕانانە دەستەبەر بكەین، پرسیارەكە ئەوەیە: ئایا دەتوانین ئەمە بكەین؟ ئایا كە كردیشمان، دەتوانین بەو چوارچێوە و ئاراستەیە بێت كە خۆمان دەمانەوێ؟ من عەقڵی سیاسی كوردی بە ئامادە نابینم كە بتوانێ ئەگەر گۆڕانكاری گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویدا وەك پێویست بەشی خۆی بپچڕێ، بۆیە پێویستی بە هاوكاری هەموو لایەكمانە.
بە بڕوای من بەستنی كۆڕ سیمینار و كۆبوونەوە سەبارەت بە سەرلەنوێ جۆش دانەوە بە بیری سەربەخۆیی رۆڵی گرنگ و كاریگەری هەیە، چونكە راستە لە گردبوونەوەیەكی وادا چەند سەد كەسێك ئامادە دەبن و گفتوگۆ دەكەن، بەڵام دواجار ئەو كەسانە بەشێكن لە كۆمەڵگا و تێكەڵی دەبنەوە و دەچنەوە ناو كۆمەڵ، كە لە رێگەی ئەوانەوە گفتوگۆی زیاتر بەرهەم دێت و بینای باشتری لەسەر دەكرێ. بۆیە پێویستە رۆژانە دەیان كۆنفرانس و كۆبونەوەی وا لە تەواوی ناوچەكان و سەرتاسەری كوردستان بكرێ. لە لایەكی تر كە ئەمڕۆ سەركردایەتی سیاسی كورد پشتگیری لەم جۆرە چالاكی و بزوتنەوانە دەكات، جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشیە، خۆ دەكرا رێگربن و ئەم كارە سەر نەگرێ، بەڵام كە نەك تەنها رێگر نین، بەڵكو تەواوی هێزە سیاسیەكان لە ئاستی بەرزی حزبی و حكومەت لێرەن و پشتگیری تەواوی ئەو كارو داخوازیانە دەكەن، هیوام زۆرتر لا دروست بوو.
هەر دەربارەی بەم پرسە و چەند لایەنێكە تری پەیوەندیدار بە ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان (عەبدوڵڵا موهتەدی سكرتێری كۆمەڵەی شۆڕشگێرانی كوردستانی- ئێران) بەم جۆرە راو سەرنجەكانی خۆی دەربڕی:
بزوتنەوەی كوردی بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە، لە سەردەمی زوودا ئەو بزوتنەوەیە لە لایەن سەرۆك عێل و عەشیرەت و پیاوە ئاینیەكان بەڕێوە دەچوو، كە ئەمەش زادە و هەڵقوڵاوی ئەو كاتەی پەیوەندی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەی كۆمەڵگای كوردی بوو، دیارە سەردەم گۆڕاوە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە زۆر دیاردەی تازە هاتونەتە ئاراوە، یەك لە وانە حزبایەتیكردنە، كە بەداخەوە هێشتا ئەم شێوە حزبایەتیەش رەنگی كۆمەڵگای سوننەتی و تەقلیدی، یان بڵێین شێوە خێڵەكی پێشووی پێوە دیارە. من لەو بڕوایەدام حزبایەتی بە مانای مۆدێرن و پێشكەوتنخوازانەی ئەم وشەیە، تازە خەریكە وردە وردە لە كوردستان رێگەی خۆی دەكاتەوە، ئەگەر بەم مانایەش بێت، ئەمە دیاردەیەكی باش و تەندروستە و پێشم وایە هەر جێی خۆی دەكاتەوە لە كوردەواریدا.
بێگومان حزبی كوردیش بەم پێكهات و دنیابینیە نوێیەی خۆی، كەم تا زۆر، نەك هەر دەربارەی چەمكی ناسیونالیزم، بەڵكو سەبارەت كۆی چەمكەكانیش ئاراستەی كاری گۆڕاوە و بە دیوی تیۆریدا خوێندنەوەی خۆی و میكانیزمی كار كردنی هەیە.
دیارە لەسەر ئاستی رۆشنبیری زۆر كار كراوە، تەنانەت لە سەردەمانی زووتریش كار كراوە، ئەو فیكرەی كە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردی لە قۆناغە جیاوازەكاندا هەیبووە، قەرزباری ئەو روناكبیرانەیە كە زۆر جار سەرەڕای هەژاری و كەم توانایش، بەڵام دەستیان لە ئەركەكەیان هەڵنەگرتووە و بە پێی قۆناغەكان بیری نوێ(كە دەڵێم نوێ، بە گوێرەی سەردەمی خۆیان) و رۆشنبیری نوێیان بڵاوكردۆتەوە، هەموو ئەوانە جێی رێزن، بەڵام من لەو بڕوایەدام كە چ لەسەر ئاستی كایەی سیاسی، یاخود روناكبیری، بزووتنەوەی كوردی پێویستی بە تەكانێكی تازە هەیە، واتە پێویستە رۆشنبیرییەكی نوێ لە نێو كوردستان و كوردەواری بەرهەم بهێنرێت، خەریكە هەست بەم شتەش دەكرێ، هەر هیچ نەبێت من بەش بە حاڵی خۆم لە كوردەواری رۆژهەڵاتدا دیومە و هەستی پێدەكەم، كە ئەم ئاراستەیە سەری هەڵداوە و خەریكی پەرەسەندنە، كە من زۆر پێی دڵخۆشم و پێم وایە مەرج نییە رۆشنبیری و سیاسەت یەك شت بن و یەك جۆری بیر كردنەوەیان هەبێت، هەروا خاوەنی یەك پرۆژە بن، بەڵام بە دیوەكەی تردا هەردووكیان و لە زۆر ئامانجدا هاوبەشن، بۆیە مەرج نییە هەموو رۆشنبیرێك حزبی بێت، رەنگە هەموو سیاسییەكانیش لە لوتكەی رۆشنبیریدا نەبێت، بەڵام ئەم دوو كایەیە، دوو كار و چالاكی و دوو خەسڵەت و سیمای كۆمەڵگەی مۆدێرنن، كە دەبێ لەگەڵ یەكتر زۆر نزیك و هاو پرۆژە بن، بە تایبەتی لە واقیعی كوردستاندا كە هێشتا بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردی نەگەیشتۆتە قۆناغی كامڵی و دوا وێستگە.
بۆ ئەوەش كە دەبێ چاوەڕێی بە دیموكراسی بوونی سیستەم و گەلانی سەردەستی ناوچەكە بكەین، من پێم وایە هەرگیز نە كورد بەوە رزگاری دەبێت كە هەوڵ بدات بەزەیی خەڵكی تر بۆ لای خۆی راكێشێ، نە ئەم بۆچوونەشم پێ راستە، كە ئێ بەڵكو ئەوان (واتە داگیركەران) خوا هیدایەتیان بدات و بەزەییان پێمان دابێتەوە. بەڵكو بە پێچەوانەوە لەو بڕوایە دام كە دەبێ بزوتنەوەی كوردی خۆی فۆرمۆلە بكات و بچەسپێنێ و بسەپێنێ و بە جەماوەری بێتەوە لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و پایە و جوگرافیای كار و چالاكی و تاكتیكی بەرفراوان بكات، هەروا خواست و داخوازی و ئامانجەكانی لەگەڵ پێداویستیەكانی سەردەمی ئەمڕۆ بگونجێنێ و هەڵگری گوتارێكی پێشكەوتن و دادپەروەری خواز بێت، لەو رێگایانەوە دەلیڤە بۆ خۆی بكاتەوە.

بێگومان دیموکراسیەت و دیموکراتیزەبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستان و کوردیان بە سەر دابەشکراوە، هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبار و گونجاو بۆ کورد پێك دێنیٚ، بەڵام تەنیا ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین، بەشکەم ئەوان بە دیموکراسی بن و ئینجا ماف و بەشی ئێمە بدەن، دیموکراتیزەبوونی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئەوان زۆر باش و بە کەڵکە، بەڵام ئێمە بە خۆمان لە ڕێگەی کاری سەربەخۆی خۆمان و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی پێشکەوتن و ئامانجەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین.
من ئەو ڕووداو و پێشهات و خۆ پیشاندانانەی هاوینی ئەمساڵ لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویاندا، کە نیمچە ڕاپەڕینێك بوون، ئەوانە ڕووداوی دابڕاو نین لە کۆی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشەی کوردستان، دیارە ئەم ڕووداوانە درێژ کراوە و دەرەنجامی مێژوویەکی درێژن، بەڵام بە تایبەتی مێژووی نزیکەی دە ساڵی ڕابردوو، چونکە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری ڕۆشنبیریدا زۆر بە خۆی داهاتۆتەوە، زۆر خۆ وشیاریەکی ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و نەتەوەیی گەشەی کردووە، هەست بە مافخوازی زیاتر بووە، خەڵك هەمیشە تا دێت پتر مافەکانی خۆی دەناسیٚ، شوناسی خۆی لە هەر کات باشتر دەناسیٚ، حزبەکان، من بۆ کۆمەڵە دەڵێم، چالاکی ئەم چەند ساڵەی دواییمان بە قەد بیست ساڵی ڕابردووە، تەنانەت ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی دە پانزە ساڵی ڕەش، کە داگیرکەر و دیکتاتۆریەت خستبوویە نێو خەڵك و ڕۆشنبیران و حزبە سیاسیەکان، ئێستا خەریکی پڕ بوونەوە و سارێژ بوونەوەیە، جارێکی تر و سەر لە نویٚ ئۆپۆزسیۆنی کوردی هاتۆتەوە سەر شانۆی سیاسی، بۆیە ئەو ڕاپەڕینانە بە بەرهەمی کۆمەڵیٚ فاکتەری لەم چەشنە دەزانم، تۆ هەر سەیری ئەوە بکە، سیٚ مانگ بەر لەم ڕووداوانە، بایکۆتکردنێکی سەرتاسەری جەماوەری لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو، ئەمە دابڕان و خۆ دابڕین و جیاواز کردنەوەیەکی زۆر گەورەیە کە لە نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی ئێران ڕوویدا. بە داخەوە کە بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر ئاستی دەرەوە و تەنانەت لە سەر ئاستی پارچەکانی تری کوردستانیش کەمتر ناسراوە، بەڵام دڵنیام کە لەم قۆناغە و ساڵانی داهاتووی نزیکدا دەبینین بە توانا و ئامادەییەکی کاراو و بەرچاوتر خۆی نیشان دەدات، زۆر گەشبینم بەوەی کە هەنگاوی مەزن بێت و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بە سەر بەشەکانی تریشدا هەبێت.
بێگومان لەم ڕوانگەیەوە گەشبینم، بۆنا؟ چونکە بە بڕوای من چی دیکە نە کورد خۆی قبوڵی دەکات، نە دونیاش قبوڵی دەکات، ئەو ستەم و کۆمەڵکوژی و و ئاوارەکردن و ڕاوەدونان و هەموو ئەو سیاسەتە شۆفینیستی و ستەمکاریانەی کە بە سەر کورد داهاتووە بەردەوام بێت، زۆر بە ئەستەمی دەزانم بۆ ئەو ڕژێمە دیکتاتۆریانەی کورد لە سایەیاندا دەژییێت چیدی بتوانن هەر وەردەگریٚ، بەڵام شکڵ و شێوازی ئەو چوارچێوەی ماف وەرگرتنە جاریٚ پێشبینی ناکریٚ، تەنانەت چۆنێتیەکەشی ڕەنگە پێشبینی نەکریٚ.
دارە لەباری سەربەخۆیی، سازدانی ئەم میتینگ و کۆبوونەوانە کاریگەری زۆر باشی دەبێت، بەڵام گرنگیەکەی ئەوەیە کە میدیای کوردی جوان و وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوە و بیگەیەنێت، بەڕێوەبەرایەتی و ئەوانەی ئەو کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەیان ساز کردووە و ساز دەکەن بە گوێرەی توانای خۆیان درێغیان نەکردووە، دەمێنێتەوە بۆ میدیای کوردی کە لە کەناڵەکانیدا کۆگەری بکات و گرنگی پێبدات.